# فرەناوی، نیشانەیەک بۆ ڕاڕایی و نادڵنیایی

**ناسر ئەمین نژاد**

«پیاو» نازانێ چۆنیان ناو بێنێ، سەریان لەخۆیان و خەڵک و ناوریزەکانی خۆشیان شێواندووه. بە فارسی نە شۆڕشگێڕن و نە زەحمەتکێش، کەچی بە کوردی هەردووکیانن. بە فارسی حیزبن و بە کوردیش ڕێکخراو، وەرگێڕدراوی ئینگلیسی و ئاڵمانییەکەشیان تێکهەڵکێشێکە لەو دووه.

خەڵک وا فێربوون کە حیزب بە قەوارە و چوارچێوەیەکی سیاسی بزانن کە بە پێکگەیشتن لەسەر کۆمەڵێک پرنسیب و ئامانجی دیاریکراو، بە پێی بنەمایەکی فکری هاوبەش بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو کۆمەڵگادا ڕۆدەنرێ. ئەو کەسانەش کە ئەو مەبەستانەیان پێ باش بێت، لە دەوری دەهاڵێن و لەدەوروبەری خۆیاندا ڕوانگە و بیروڕای ڕاگەیاندراویان شیدەکەنەوە و هەوڵ دەدەن بەرەو پێشی بەرن و خەڵکانی زیاتریش لەخۆیان خڕ کەنەوە.

هەڵبژاردنی ناو، یان دەست لێهەڵگرتنیشی بۆخۆی جێگایەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر وردە شیشەیەک لە گۆڕێدا نەبێت. وا باو بووه و مەنتقی سیاسەت و کۆمەڵناسی وا دەبێژێ کە ناو دەبێ بە مەزندەی ئامانجی گشتی، ڕیسا و ڕێبازی دیاریکراو و ڕاگەیاندراو هەڵبژێردرێ. دەبێ ناو بەجۆرێک بێت کە لەگەڵ قەڵافەت و ناوەڕۆکیدا بکاڵێتەوە. دەبێ ئەو لێکهاڵانە بەجۆرێک بێت کە مرۆڤ هەر لەدووڕڕا بە ناوەکەیدا بیناسێتەوە، بزانێ کە بە کام ڕاستەدا دەئاژوێ، مەیلی بەرەو کام حەز و بەرژەوەندی کۆمەڵایەتییە و وازی لە چ ئاقارێکی سیاسییە. خەڵک وا ڕاهاتوون کە بە ڕەبەی زانست و تێگەیشتویی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاسایی و بە ئەزموونی ڕۆژانەی خۆیان ئاوەڵناو و پێشبەند و پاشبەندی ناوەکان بناسنەوە، بەم پێیە دەتوانن کەم و زۆر پەنجە بۆ شوێنی کۆمەڵایەتی خاوەن ناویش ڕاکێشن.

شەرت نیە هەر ناوێکیش کە ڕاگەیاندرا ئاوێنەی بالانوێنی ناوەڕۆکی بێت. کەم نین ئەو حیزبانەی کە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆیان لە ژێر زەرق و بەرقی ناوی ئازادیخواز و دیموکرات و سوسیالیست و شتی لەو بابەتە دەشارنەوە و گەرەکیان بەم چەشنە خەڵک بە شەوارە بخەن، هەتا کاری خۆیان لە کار دەبینن، کەچی لە ڕاستیدا هیچ فریان بەو چەمکە گرینگ و پڕ بایەخە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەشەوە نەداوە. بەڵام زۆر دەگمەنن ئەو لایەنانەی کە بازەڵێن بە ناو دەکەن و لە یەک کاتدا چەند ناویان هەیە. ئەمە جگە لە چەواشەکاری و خەڵک بە شەوارە خستن دەتوانێ نیشانەیەکی ئاشکرا بێت بە بێمتمانەیی بە خۆ، بە ڕاڕایی لە بیر و بۆچوون، سەرلێشێواوی لە فکر و ساغنەبوونەوە لە کرگاری کۆمەڵایەتی و پابەند نەبوون بە پرنسیبی ڕاگەیەندراوە.

لە کوردەواری و لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەوتری "بادانەوە" و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان عەیب نیە، بە لای باشەدا دەتوانێ قازانجیشی هەبێ و بەری زەرەری زیاتر بگرێ. ئەوە کوردەناموسی و قیڕ بوون و سەر قورسی لە سەر داو و ناوێکی پووچەڵ و نەزۆکە کە ئەمڕۆ نەشیاوە و تایبەتمەندییەکی فەلای چەند سەد ساڵ لەوە پێشە. دەکرێ ناو بگۆڕدرێ، پوختە بکرێ، لە هەسان بدرێ، پاشبەند و پێشبەندەکانیان ئاڵوگۆری بەسەردا بێت. ئەمە هیچ ئیرادێکی نیە و دنیاشی پێ کاول نابێ، بەڵام ئەمەش بە گۆترە نیە و ڕیسا و لۆژیکی خۆی هەیە. گۆڕینی ناو بەرئەنجامی ئاڵوگۆڕە لە دید و بۆچوون، لە چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان، لە ڕێڕەوە سیاسییەکان، ئەویش پاش لێکدانەوە و قسەلێکردنێکی ئاشکرا و ڕوون لە ناو ڕیزەکان و لە ناو خەڵک، پاش لێکدانەوەیەکی سیاسی ورد بە بێ ڕاڕایی و مۆرە هەڵدان.

ئەمانە هەمووی ئاساییین، دەکرێ ڕوو بدەن و قازانجی خۆشی هەبێ، بەڵام نائاسایی و زەرەرمەند ئەوەیە کە ئەم کارە بە دزە و بە چکەچکە وگەندە فێڵی سیاسی و تەنانەت بە پاشقولگرتن لە هاوریزەکان بچێتە پێش. ئەوە نائاسائییە کە قەوارەیەک لە یەک کاتدا هەم ئەم بێ و هەم ئەو، هەم حیزب بێ و هەم ڕێکخراو، هەم گۆڕابێ و هەم نەگۆڕابێ، ئەمەیە کە لە قوتوی هیچ عەتتارێکدا جێگای نابێتەوە و دەبێتە داهێنانێکی خراپ.

دەگوترێ ئێمە تازە گەورە بووین و قاوغی ڕێکخراومان پساندووه و لە حیزبدا نەبێ جێمان نابێتەوە! ئەمە ئیدعایەکی ناراستە بۆ دیزە بە دەرخۆنەکردنی لێکترازنی ناو ڕیزەکان و گچکە بوونەوە و شاربەدەرکردنی هاوریزەکانە. ئەمە ناراستییەکی ئاشکرایە بۆ شاردنەوەی مەبەستێکی دەرنەبراو. دەنا هەموو کەس دەزانێ کە «کاڵەک بە ڕەنگ نییە» مرۆڤ دەتوانێ دە حیزب ناو بەرێ کە لە ماڵێکدا جێگایان بێتەوە کەچی ڕێکخراوێکیش هەبێت کە لە شارێک هەر جمەیان بێت و جێشیان نەبێتەوە. ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین چەندین حیزبی گەورەشی لەخۆ

گرتوه و هیچ عەیبەیەکیش نیە لەسەریان. یەکێتی نیشتمانی یەکێک لە گەورەترین حیزبەکانی کوردستانی عێراقە و ناویشی یەکێتییە و بە پەڵەشی نازانێ. باشە ئەی چۆنە کە هێشتا قاوغی کوردییەکە نەپساوە و تەنیا بە فارسی و بیانی لێکبەر بووە.؟!

باشە لایەنێک کە ئیدعا دەکات کە سوسیالیستە و مەبەستی سەرەکی زەحمەتکێشانە، بۆ دەبێ ناوی زەحمەتکێش و شۆرشگێری لێ ببێتە گۆشتی گەردەمل و پاڵ بە هەموو کەڵەکێکەوە بنێ بۆ ئەوەی خۆی لە چنگیان رزگار بکات و شانی لێ هەڵتەکێنێ. بە دەستێک تووری بدات و بە دەستێکی دیکە لاشاقەلێکی بگرێ و بەری نەدات. حەق وانیە مرۆڤ لە کاتی وادا لە راستبێژی داهێنەرەکانی بەدگومان بێ و بە فێڵ و فەرەجێکی بازاریانەی لە قەڵەم بدات؟

راستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی رێبەرانی ئەو لایەنە هەر لە سەرەتای جیابوونەوە بە دەست ئەو ناوەوە جەڕابوون. باوەریان نە بە ناوەکەی مابوو، نە بە ناوەرۆکەکەی. لەم بابەتەوە لە گەڵ خۆیان، لەگەڵ ریزەکانیان و لەگەڵ کۆمەڵگادا راستییان نەبێژاوە. ئەمرۆ هەر ئەم باز بازێن و ساغنەبوونەوە لەگەڵ خۆ، هەر ئەم مەسڵەحەتخوازی و تەرەکردنی یەکتر خستونیەتە بەر درگانەی لێکترازانێکی قێزەون. بێگومان کایەکردنیش بە ناو زۆر زەحمەتە بتوانێ مەیدانێکی مانۆڕ بۆ درێژەدانی ئەو رێرەوە ناسەرکەوتووە بکاتەوە. تۆبڵێی خەڵک گێژداغ کرابن؟!